کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-5-2007 13:16بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## سەفەری ئاوێزەیی جینا ... ئارام حەمە




ئەو بە حەقیقەتەوە وابەستەنەبوو... درۆزن بوو
لە دەرگاکانەوە نەهاتە ژوری لە پەنجەرەشەوە نەڕۆیشت
لە پەنجەرەوە هاتە ژوری و لە دەرگاوە سەفەری بەرەو ئاسمان کرد
ئەو لەگەڵ خۆی کۆمەڵك لە ئاوێزەکانی منی برد
لەبری ئاوێزەکانم کتێبێکی جادویی بۆ بەجێهێشتم
نەفرەت لە تۆو لە کتێبە سیحراوییەکەت
لەبیرت دێ ... ... .
بە تەنافەکانی دڵمەوە چەند گەڵایەکی ڕەشت هەڵواسی
بە برژانگەکانی چاومەوە تۆپەڵك کلی جەهەنەمت بەجی هێشت
لە یادمە (جینا) کەڕنیم
وەلی کویرم بە تۆزی و غوباری جەهەنەم
سەفەری ئەبەدییەتی تۆ منی کردە شەمشەمە کوێرەی شەوە یەڵداییەکانی
تاریکی
سەمفۆنییای ڕۆمانە خەواڵووەکانی تۆ فێری گوناهی کردم لەگەڵ دایکم لەگەڵ باران
تۆ هەر ئەوییت ئەو هەرتۆیە
فێری نویژکردنت کردم بۆ هەتاوە لوولدراوەکانی خوداوەند
تەحیاتی خیانەتت پی خواردم سوێندی بی وفاوەفایت فرۆشت
(جینا) تۆ لەگەڵ (جینا) تۆوی خیانەتتان لە کێڵگە بە فەڕەکانی مندا چاند
بڕۆ لەگەڵ خۆتدا هەموو یادگارییە تاڵەکانت ببەوە
بەڵام ئاوێزەکانی منداڵیم بۆ بەجێبهێڵە ... .
ئەفسوس بۆ ووتە ڕۆژاییەکانت
ئەو دەڕوات تۆ دەڕۆیت ... .. من دەمێنمەوە
ئالێرەدا هاوکێشەکان ئاوەژو دەبنەوە
دڵم درزی بردووەو خوێنی لێ دەتکێت... خوێنێکی ڕەش
ڕەش وەك چاوەکانی جینا

aramhama@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.